خوێنەری بەڕێز، ئەم بابەتە بریتیە لە کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی و پارتی سۆسیالدیموکرات لە دانمارك، نەرویژ و سوێد لەگەڵ سەرئەنجامگیریەك کە من بە سێ بەش پێشکەشتانی دەکەم. یەکەم بەش سەبارەت بە دانمارك بوو، ئەمە دووهەم بەشە کە سەبارەت بە نەرویژە.
ڕێبوار ڕەشید لە سوێدیەوە کردوویە بە کوردی ٢٠٠٧/١٢/١٢

# سۆسیالدیموکراتیی[1]

Socialdemokratiet

**وەرگێرانی لە سویدیەوە:**

**ڕێبوار ڕاشید**

ئاربایدەر پارتی نۆروێژیی
Den Norske Arbeiderparti
[بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە نۆروێژ]

ئاربایدەر پارتی نۆروێژیی ساڵی ١٨٨٧ دامەزرا کە هەم سەندیکاکان و هەم لقگەلی پارتی خۆیشی بناخەی بوون. پرۆگرامەکەی پارتی لەسەر نموونەی ئەڵمانیی و دانمارکیی مارکسیستیی بوو، بەلاَم ستراتیژیە سیاسییەکە هەروەکوو لە دانمارکیش وابوو زوو ڕەنگی ڕیفۆرمیزمێکی وریای وەرگرت. سەندیکاکان هەر لە ساڵانی ١٨٧٠ کانەوە لە ژێر کاریگەریی دانمارکدا دامەزرابوون، بەلاَم عادەتەن سەرنەکەوتوو بوون. یەکەم جار لە ساڵانی ١٨٨٠ و ١٨٩٠ کاندا بوو کە بزووتنەوەی کرێکاریی گۆڕانی گەورەی بەخۆیەوە بینی. سۆسیالدیموکراتیی لە سەرەتادا زەحمەتی هەبوو لەوەدا کە بتوانێت سەندیکاکان لە ئامێز بگرێت، چونکە بەشێکی زۆری سەندیکاکان کەوتبوونە پارتی ڤێنستره (Vänstre). کێبرکێ (ڕەقابەت) لەگەڵ لیبرالەکان لەسەر ڕێکخستن و سازماندانی چینی کرێکار تا ڕادەیەك کەمبووەوە ئەویش هەم لەبەر ئەو هاوکاری هەڵبژاردنە و ئەو هاوکارییە پارلەمێنتاریە کە لە نێوان هەردوو پارتدا لە ڕیفۆرمی مافی دەنگدان rösträttsreformen ساڵی ١٨٩٨ و لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیەکە لە ساڵی ١٩٠٥ دا لەگەڵ یەکدا دەیانکرد. بەلاَم کاتێك کە کۆتایی بەم ڕێگایە هات هەردووکیان کەوتنە دژایەتیەکی تەواو ئاشکرای یەکترەوە: ڤێنستره کە لەو کاتەدا گەورەترین پارتی بوو لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠ دا چووە ناو ڕێگایەکی تەواو دژسۆسیالیستیی، و [بەو شێوەیەش] کۆبوونەوەی سەرانسەری ئاربایدەر پارتیەت ساڵی ١٩٠٦ هاوکاریی هەڵبژاردن و هاوکاریی حوکمەتیی لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا قەدەغە کرد.

هەڵویستی ئاربایدەر پارتی نۆروێژیی بەرانبەر بە لیبرالەکان تا هات نێگەتیڤتر (نەرێنیتر) دەبوو کاتێك دەرکەوت کە سیستەمی زۆرینەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ، کە ساڵی ١٩٠٥ خرایە کار، بوو بە هۆی زێدەنمایندەداریی پارتی ڤێنستره لە پارلەماندا Folketinget و کەمنماییندەییەکی تا دەهات کەمتر بۆ ئاربایدەر پارتیەت، ئەمە سەرەڕای زێدەبوونی دەنگی وەرگیراو لە هەڵبژاردنەکانی نێوان ١٩٠٩ – ١٩١٨ دا. هەموو ئەمانە بوون بە مایەی ئەوەی کە سۆسیالدیموکراتی نۆروێژیی هەر لە سەرەتای سەدەوە هەتا سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠ سیاسیانە ئیسۆلیرە (گۆشەنشین) کرا. ئا لێرەدا ڕەنگە بۆمان دەربکەوێت هەرە گرینگترین هۆ لە پشت ئەوەوە چیە کە ئاربایدەر پارتی نۆروێژیی ساڵی ١٩١٨ وازی لە ستراتیژیە ڕیفۆرمیستێکەی هێنا و خەتێکی زیاتر ڕادیکالی هەڵبژارد وەك لەوەی پارتە سۆسیالدیموکراتەکانی دانمارك و سوێد هەیانبوو. هاوکات کە سۆسیالدیموکراتەکان و لیبرالەکان لە نۆرویژ دژ بە یەك دەجەنگان، لە وڵاتە دەراوسێکان تا دەهات زیاتر شانبەشانی یەك هاوکاریان لە خەباتێکیدا بۆ وەدەستهێنانی دیموکراتیی دەکرد.

گەشەی بزووتنەوەی سەندیکا کاریگەریەکی زیاتر ڕاستەوخۆی لەسەر ڕادیکالیزەبوونی ئاربایدەر پارتی

[1] Skandinavisk arbetarrörelse, Schmidts Boktryckeri AB, Helsingborg 1980, Nils Elvander. S. 35

نۆروێژیی هەبوو وەك لە ئیسۆلیزە (گۆشەگیریە) سیاسیەکە. ئەو ئاراستە ڕادیکالەی[2] [زیاتر بەرەو چەپبوون چوون] کە ساڵی ١٩١٨ لە ناو پارتیدا و ساڵی ١٩٢٠ لە ناو لاندسئۆرگانیزاسیۆندا دەستەڵاتی گرتە دەست پێش هەر شتێك بزووتنەوەیەکی نارەزاییانەی سەندیکایی بوو کە لە هەرە نێزیکیی خۆیدا بەرانبەر بە سەرۆکایەتی ناوەندگیری (سێنترالیستی) سەندیکا وێستابوو. هەمان شێوە لە "ئۆپۆزیسیۆنی ناو یەکێتی کرێکاریی [سەندیکایی]" هەروەها لە وڵاتە دەراوسێیەکانیش لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٠ دا دروست بوو، بەڵام لە نوروێژ هەر زۆر زیاتر بەهێز و سەرکەوتوو بوو. ڕوونکردنەوە بۆ ئەم جیاوازییە دەشێت لەبەر دوو هۆکار بێت، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ – ١٩٢٠ ـەکاندا بزووتنەوەی سەندیکایی نۆروێژ لە بزووتنەوەی سەندیکایی سوێد و دانمارك جیا دەکاتەوە: سێنترالیزمێکی بەهێزتر و پەیداکردنی ئەندام زۆر بە خێراتر.

کاتێك کە لاندسئۆرگانیزاسیۆن ساڵی ١٨٩٩ دامەزرێنرا تەنها بەشێکی هەر زۆر کەم لە کرێکارانی ڕێکخراوی تیادا بوو، کە ٥ هەزار لە ٢٠ هەزار بوو. گەلێك کۆمەڵەی سەندیکایی بە هۆی ململانێ و شەڕی سەبارەت بە ڕۆڵی هاوڕێکخراوە ناوچەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵەکاندا خۆیان لە دەرەوەی لاندسئۆرگانیزاسیۆندا هێشتەوە. بۆ ئەوەی ڕادەی بەئەندامبوون زۆرتر بکات کۆنگرەی لاندسئۆرگانیزاسیۆن ساڵی ١٩٠١ بڕیاریدا کە هەم دەستەڵاتی کۆمەڵەکان و هەم هی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی لاندسئۆرگانیزاسیۆن لە پێوەندی ململانێدا بەهێزتر بکات، و [هاوکاتیش] هاوڕێکخراوەکان وەلانران. هەنگاوی دوای ئەو لەسەر ڕێگای ناوەندکردن (سێنترالیزەکردن) ساڵی ١٩٠٧ نرا، لەوانە فۆندێکی مانگرتنی ناوەندیی دامەزرێنرا. بەو شێوەیە سەرۆکایەتی لاندستۆرگانیزاسیۆن دەستەڵاتێکی زۆر زیاتری وەدەستکەوت وەك لەوەی کە لاندسئۆرگانیزاسیۆنەکانی وڵاتانی دەراوسێ هەیانبوو، کە [بۆ نموونە] ئەمان فۆندی مانگرتنی ناوەندیان نەبوو. جێی خۆیەتی ئەوەش هەروەها باس بکردرێت کە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی لاندسئۆرگانیزاسیۆن ئەو مافەیشی هەبوو کە هەموو داواکانی ڕێککەوتننامەکان بسەلمێنێت بێ لەو پرسانەی کە بە تەواوی ناوچەیی بوون. لە هەمانکاتدا هەرە یەکەمین ڕێککەوتننامە کۆمەڵییەکان لەسەر ئاستی سەرانسەری وڵات دەستیان پێکرا، و لە سەندیکای مێتاڵدا ساڵی ١٩٠٧ ڕێککەوتننامەیەکی سازان لەگەڵ خاوەنکارەکان ئیمزا کرا کە سەبارەت بە مافی کۆمەڵە و بە ڕابەرایەتیکردنی کار بوو، دروست لە هەمان جۆری سێپتەمبەر فورلاگی دانمارکیی. نۆروێژ وا دەردەکەوێت کە ئەو کاتە کەوتبێتە سەر هەمان ڕێگا بە شێوەی دانمارك ڕووەو هەمان دۆخگەلی نەزمدار و سەقامگیر لە بازاڕی کاردا.

مەبەستی ڕیفۆرمگەلە ڕێکخراوەییەکان کە بتوانن وا بکەن کە زۆرترینی ژمارەی کۆمەڵە سەندیکاییەکان ببن بە ئەندامی لاندسئۆرگانیزاسیۆن زوو بە ئامانج گەیشت. هەروەها ژمارەی ئەندامانی لاندسئۆرگانیزاسیۆن زوو بەرزبووەوە ئەویش بە هۆی زۆربوونی ڕێژەی بەئەندامبوونی کۆمەڵەکانەوە، هاوکات کە پیشەسازیی گەورەی نوێی وابەستە بە وزەی ئاو دادەمەزرا و گەشەی پێ دەدرا. ئەگەرچی کە ئەو شەپۆلە گەورەیەی بەپیشەسازییکردن لە سەرەتای ١٩٠٠ کاندا نەبووە هۆی بەرزبوونەوەی بەشی کەرتی پیشەسازیی وا کە شایانباس بێت (لە کتێبەکەدا بۆ بەراووردکردن بڕووانە لاپەڕە ٢٧)، ئەوە فاکتەرێکی گرینگە لە گەشەی ئایدیۆلۆژیی بزووتنەوەی کرێکارییدا کە ئەو بە پیشەسازییکردنە دەکەوتە هەمان کاتەوە کە نائاساییانە ژمارەی کرێکاری پیشەسازیی *ڕێکخراوی* تێدا زۆر دەبوو. ئەو ئاگیتاسیۆنە ڕادیکالەی ئۆپۆزیسیۆنی ناو ئەم سەردەمی گۆڕانکاریە گەورەیە لە ناو ئەو ئەندامە بەئەژمارە نوێیانەی سەندیکاکاندا زەمینەیەکی فرە لەباری بۆ هەڵکەوت. هەر خودی خێرایی ڕۆیشتنەکەی گەشەی بزووتنەوەی سەندیکایی لەوە دەچێت بۆ ئەو دۆخە رادیکالە بەسوود بووبێت. لە بەراوورد لەگەڵ سوێد و دانمارك، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، کە بزووتنەوەی سەندیکایی لە نۆروێژ زۆر درەنگ دەستی بە گەشەیەکی بەهێز کرد، و کە پاشان زێدەبوونی ژمارەی ئەندامانی زۆر خێراتر بوو. ئەم ڕاستیە لەم تابلۆیەی خوارەوەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت.

[2] لە ئەدەبی سیاسیدا وشەی "ڕادیکال" دەتوانێت بە مانای جودا بێت، لێرەدا بەو مانایە دێت کە بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتی ئاراستەیەکی زیاتر بەرەو چەپبوون چوونی گرتووەتە بەر. وشەی "ڕادیکال" هەروەها هەندێك جار مانا "شۆڕشگێڕیەکە" لەو مانایەدا تەواو دەکات کە ڕێکخراوێك زەبرئامێز بێت یان بەرگریی و پشتگیریی لە خەتی زەبرئامێزیی بکات، بە هەر حاڵ بەرانبەر بە خەباتی پارلەمێنتاریی ڕەق بێت.

تابلۆی (خشتەی) II:4 ژمارەی ئەندامانی لاندسئۆرگانیزاسیۆنەکان ١٨٩٩ - ١٩٢٠

| ساڵ | دانمارك | نۆروێژ | سوێد |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٨٩٩ | ٧٥٠٠٠ | ١ ٦٠٠ | ٦٤٠٠٠ |
| ١٩٠٠ | ٧٧٠٠٠ | ٤ ٨٠٠ | ٦٦٠٠٠ |
| ١٩٠١ | ٧٣٠٠٠ | ٧ ٦٠٠ | ٦٧٠٠٠ |
| ١٩٠٢ | ٦٤٠٠٠ | ٧ ٥٠٠ | ٦٦٠٠٠ |
| ١٩٠٣ | ٦٣٠٠٠ | ٧ ٩٠٠ | ٧٨٠٠٠ |
| ١٩٠٤ | ٦٥٠٠٠ | ٩ ٠٠٠ | ٩٨٠٠٠ |
| ١٩٠٥ | ٦٩٠٠٠ | ١٥٦٠٠ | ١٠٤٠٠٠ |
| ١٩٠٦ | ٧٨٠٠٠ | ٢٥٣٠٠ | ١٨٠٠٠٠ |
| ١٩٠٧ | ٩١٠٠٠ | ٣٩٠٠٠ | ٢٣١٠٠٠ |
| ١٩٠٨ | ٩٧٠٠٠ | ٤٧٢٠٠ | ٢١٣٠٠٠ |
| ١٩٠٩ | ٩٩٠٠٠ | ٤٣٢٠٠ | ١٤٨٠٠٠ |
| ١٩١٠ | ١٠٢٠٠٠ | ٤٥٩٠٠ | ١١٨٠٠٠ |
| ١٩١١ | ١٠٥٠٠٠ | ٥٣١٠٠ | ١١٤٠٠٠ |
| ١٩١٢ | ١٠٧٠٠٠ | ٦٠٨٠٠ | ١٢٢٠٠٠ |
| ١٩١٣ | ١١٥٠٠٠ | ٦٣٨٠٠ | ١٣٦٠٠٠ |
| ١٩١٤ | ١٢١٠٠٠ | ٦٧٦٠٠ | ١٤٤٠٠٠ |
| ١٩١٥ | ١٣٢٠٠٠ | ٧٨٠٠٠ | ١٥٨٠٠٠ |
| ١٩١٦ | ١٥١٠٠٠ | ٧٨٩٠٠ | ١٩٤٠٠٠ |
| ١٩١٧ | ١٧٩٠٠٠ | ٩٣٩٠٠ | ٢٥٣٠٠٠ |
| ١٩١٨ | ٢٥٥٠٠٠ | ١٠٧٥٠٠ | ٣٠٥٠٠٠ |
| ١٩١٩ | ٢٧٧٠٠٠ | ١٤٣٩٠٠ | ٣٦٧٠٠٠ |
| ١٩٢٠ | ٢٧٩٠٠٠ | ١٤٢٦٠٠ | ٣٩٩٠٠٠ |

Källa: Walter Galenson, The Danish System of Labour Relations (1952), Appendix A, s 283 ff.

ئۆپۆزیسیۆنی سەندیکایی نۆروێژیی کامە ئامانجی سەندیکایی و سیاسیی هەبوو، و چیش ڕوویدا کاتێك کە لە ناو پارتی و لاندسئۆرگانیزاسیۆندا دەستەڵاتی گرتە دەست؟ لێرەدا ناتوانرێت گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەم باسە ئارەزوومەندە بکردرێت. بەڵام لە مامەڵەی هێڵەسەرەکیەکاندا دەتوانین جەخت لەسەر ئەو فاکتەرانە بکەین کە دیارن مانای شایانباسیان بۆ گەشەی ئاربایدەر پارتی نۆروێژیی و هێزی سیاسیی لە ناو دەمی پاش ساڵانی ١٩٢٠ دا هەبووە. هەروەك لەوەبەر باسکرا ئۆپۆزیسیۆن بە پلەی یەك دژ بە سێنترالیزمی سەندیکایی وێستابوو: دەویسترا ڕێککەوتننامەی کۆمەڵیی و سندوقەکانی بێکاریی کۆمەڵەکان لابردرێن، دەویسترا کۆمەڵە هاوکارە ناوخۆییەکان بەهێز بکرێت و ڕۆڵێکی سەرەکیان لە بزووتنەوەکانی مووچەدا پێ بدرێت، و هەروەها

دەویسترا لە ڕێگای مانگرتن، ئابڵووقەدان و تەنانەت سابۆتاژیشەوە (کاری تێکدەرانەوە) خەباتی چینایەتی توندتر بکرێت. لەم پرۆگرامە سیندیکالیستیەدا تا ڕادەیەکی زۆر هەڵگەڕانەوەی کەنار (periferin) هەبوو دژ بە ناوەندی بزووتنەوەی سەندیکای کرێکاریی لە ئۆسلۆ. ئۆپۆزیسیۆنی سەندیکایی periferin لە شاری ترۆندهایم Trondeim و ترۆندەلاگ Trondelag دەستی پێکرد. لەوێ هەواڵنێر مارتین ترامل Martin Trammel ڕابەرایەتی دەکرد کە بە دەستێکی پۆڵایین هەموو پارتی و ڕۆژنامەکەیشی لە ناو ناوچەیەدا خستبووە دەستی خۆی هەر زۆر پێش ئەوەی پرۆگرامی بزووتنەوەکە، لەو شێوەیەدا کە ناوی ترۆدهایم ریسۆلیوسیۆنن (بڕیارنامەی ترۆدهایم) بوو، ساڵی ١٩١١ بخرێتە بەردەست. ترامل Trammel ساڵی ١٩٠٥ پاش یەك دوو ساڵ ژیانکردن لە ئەمەریکا گەڕابووەوە نۆرویژ، لە ئەمەریکا پێوەندی بەو ڕێکخراوە سەندیکالیستیەوە گرتبوو کە ناوی "ئیندوستریال وۆرکەرس ئۆف زی وۆرلد Industrial Workers of the World [کرێکارانی پیشەسازیی جیهان]" بوو. ئۆپۆزیسیۆنی سەندیکایی یارمەتی و سرووشی (ئیلهامی) لە شوێنی دیکەشەوە پێ دەگەیشت، لەوانە لەلایەن سەندیکالیستانی سویدیەوە کە پاش بەزینیان لە مانگرتنە گەورەکەی ساڵی ١٩٠٩ دا کۆچباریان کردبوو بۆ نۆرویژ. بەڵام ئەوە هیچ زێدەڕۆییکردن نییە پێدابگیرێت کە ترامل Trammel بزووتنەوە ئۆپۆزیسیۆنەکەی بە کەسایەتی خۆی خەسڵەتدار کردبوو و ڕۆڵێکی چارەنووسسازیشی لە سەرکەوتنیدا دەبینی. لەبەرئەوەی کە ترامل Trammel پاش سەرکەوتنەکەی ساڵانی نێوان ١٩١٨ – ١٩٢٠ کاریگەریەکی گەورە - هەندێك جار باڵزاڵی – لە نێزیکەی ٤٠ ساڵدا لەسەر ئاربایدەر پارتی نۆروێژیی هەبوو، جێی خۆی دەبێت کە لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا بگەڕێینەوە سەر کەسایەتی و تەکنیکی ڕابەرایەتی.

ئۆپۆزیسیۆنی سەندیکایی لە سەرەتادا هەر زۆر کەم سەرکەوتوو بوو کاتێك کە سەبارەت بە هێنانی لاندسئۆرگانیزاسیۆن بوو کە بێت و لەگەڵ پرۆگرامە سەندیکالیستیەکەدا بێت: هەر بە تەنها داوای خستنەکاری پێڕەوی کۆمەڵەی پیشەسازیی بوو کە پرینسیپیانە کۆنگرەیەکی لاندسئۆرگانیزاسیۆن ساڵی ١٩١٢ پەسەندی کرد. پرسی سێنترالیزم لە ناو سەندیکادا هەرگیز نەبردرایەوە (بەسەرکەوتن نەگەیەندرا). بەڵام لەوەدا سەرکەوتن وەدەستهێنرا کە گەلێك سەندیکای تاك و کۆمەڵەگەل هێنرانە ژێر ڕکێفەوە، و بەو شێوەیە ترامل بە هۆی بە کۆمەڵبەئەندامبوونەکەوە توانی کە هەنگاو بە هەنگاو لە ناو پارتیدا شوێنی خۆی بەهێز بکات. بە کۆمەڵ ئەندامبوونی سەندیکای تاك لە ناو پارتیدا لەو سەردەمەی سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنی سەندیکادا بوو بوو بە نەریتێکی داکوتراو، لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ بڕیارێك لەسەر ئەم ڕێبازە لە پێوەندی لەگەڵ دامەزرانی لاندسئۆرگانیزاسیۆن لە ساڵی ١٨٩٩ دا نەدرابوو. فاکتەرێکی دیکەی ڕێکخراوەیی کە بەرفراوانبوونی ئۆپۆزیسیۆنی لە ناو ئاربایدەر پارتی نۆروێژیی هاسان دەکرد ئەو یاسایانەی نماییندەیی بوون کە بۆ کۆنگرە هەبوون، کە لە سەرەتادا زێدەنوێنەرایەتیەکی بەهێزی بە لقە ناوچەییەکان دەبەخشی. ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی ڕادیکال و هەڵوێستی حیساب بۆنەکراوی بە کۆنگرە دەدا، کە سیاسەتزان ئولف تۆریەرسن Ulf Torgersen لە خوێندنەکەی خۆیدا، کە سەبارەت بە کۆنگرەیە لە کولتوری پارتایەتی نۆروێژیدا، باسی دەکات. ڕێساگەلەکانی نوێنەرایەتیکردن و ساختاری بە توندی ناناوەندی (ناسێنترالیستی) کە پارتی هەیبوو سوودی بە کەنار (periferin) دەبەخشی، کە ئاراستە ڕادیکالەکە شوێنێکی بەهێزی داگیرکردبوو.

سێهەم فاکتەر کە ڕاستەوخۆ بووە هۆی سەرکەوتنی ترامل لە ساڵی ١٩١٨ دا ئەوەبوو کە کۆمەڵەی لاوانی پارتی لایەنی ئەویان گرتبوو. هەر ساڵی ١٩١٢ کۆمەڵەی لاوان پرۆگرامێکیان پەسەند کرد کە هەر لەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سەندیکا دەچوو، ئەڵبەت بە جەختێکی زێدەترەوە لەسەر خەباتی *سیاسیی* شۆڕشگێڕیی [زەبرئامێزیی]. لەو کۆنگرە چارەنووسسازەی بەهاری ١٩١٨ دا ترامل و ڕابەری دیکەی ڕادیکال توانیان هاوپەیمانیەکی سەرکەوتوو لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی سەندیکا و کۆمەڵەی لاواندا دابمەزرێنن. بەڵام هەر بە تەنها هەڵوێستی کۆمەڵەی لاوان ناتوانێت سەرکەوتنی ئەو ئاراستە ڕادیکالە ڕوون بکاتەوە، هەروا کەمیش ئەو فاکتەرە سیاسیی، سەندیکایی و ڕێکخراوەییانەی پارتی کە لەوەبەر باسمان کردن دەتوانن ئەوە ڕوون بکەنەوە. فاکتەرێکی دیکەی گرینگیش دەبێت هەبێت.

شۆڕشی بۆلشەڤیکی ڕووسیی و کەمبوودی شتومەکی بژێوی بوون بە هۆی دروستبوونی دۆخێکی شۆڕشگێڕ لە ناو چینی کرێکاردا لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ – ١٩١٨ دا کە لە نۆرویژ بە هێزتر بوو لە چاو وڵاتانی دەراوسێدا – بەر

لە هەر شتێك لەبەر ئەو فاكتەرە تايبەتيانەی دەوروبەردا كە نۆروێژ هەيبوو. دۆخی نەبوونی شتومەكی بژێوی هەر بە ڕاستيی لە نۆروێژ خراپتر بوو وەك لە دانمارك و سوێد. بەڵام لە پێش هەر شتێكدا پێوەندی لە نێوان تێچوونی نرخی ژيانكردن و مووچەدا شايانباسانە خراپتر بوو؛ جياوازيی لە نێوان ئيندێكسی نرخ و مووچەدا ساڵی ١٩١٨ لە نۆروێژ ١٦٧ يەكە بوو بەرانبەر بە ١٣٠ يەكە لە سوێد و تەنها ٧٧ يەكە لە دانمارك. ديارە ئاشكرايە، كە هەژاريی و نەبوونی شتومەكی بژێوی لە نۆروێژ بەتايبەتی خراپتر بە تووش چينی كرێكارەوە بوو و وای لێكرد كە بەتايبەتی ئامێزئاوەڵە بێت بۆ وەرگرتنی ئاگيتاسيۆنی شۆڕشگێريی لە لايەنێكی ڕاديكالەوە، كە بە هۆی ديكە و ناڕاستەوخۆوە ئەو لايەنە ڕاديكالە شوێنێكی بەهێزتری بۆ خۆی سەندبوو وەك لەوەی كە توانيبووی لە وڵاتانی دەراوسێ بيكات.

ئايا بەڕاستيی ئەو "ئاراستە نوێيە" چەندە شۆڕشگێڕ بوو؟ ئەوە بە گشتيی شاهيدی هەيە - لەوانە لە بيرەوەريەكانی ئاينەر گێرهاردسن Einar Gerhardens memoarer – دا كە شۆڕشی ڕووسيی بە خۆشيەوە بەخێرهێنراو بوو و هەڵوێستيش بەرانبەر بە يەكێتی سۆڤيەت تا ماوەيەكی درێژ لە ناو ئاربايدەر پارتی نۆروێژيی پۆزەتيڤ بوو. بەئەندامبوونی پارتی لە ناو ئينتەرناسيونالی كۆمۆنيستدا ساڵی ١٩١٩ ئەو خاڵەيە كە هەميشەگە وەك بنچينەيەك دادەنرێت بۆ ئەو خەسڵەتە ڕاديكاليزمە شۆڕشگێڕانەيەی كە پارتی هەيبوو. بەڵام ناكرێت لە يادمان بچێت، كە ئاربايدەر پارتی نۆروێژيی هەر لە هەرە سەرەتاوە دژايەتی هۆنينەوەكانی ئينتەرناسيونالی مۆسكۆی كرد – لەبەر هەندێك هۆ كە لە بەشی دوای ئەمەدا باسی دەكەين. دەربڕينێكی ڕوون بۆ هەبوونی هەڵوێستێكی پرينسيپيانە شۆڕشگێڕ لەو بڕيارنامەيەدا دەبينرێت كە لەسەر پێشنياری لايەنی ترامل لە كۆنگرەدا ساڵی ١٩١٨ بە كۆی ١٥٩ دەنگ دژ بە ١٢٦ دەنگ وەرگيرا. ئاربايدەر پارتی نۆروێژيی لێرەدا بە "پارتێكی شۆڕشگێڕی خەباتی چينايەتی" وەسف دەكرێت كە دژايەتی ئەو چەوساندنەوەيە دەكات كە چينی دەستەڵاتدار لە چينی كرێكاری دەكات، هەرچەندە كە ئەم چەوساندنەوەيە بە پشتگيريی زۆربايەتيەكی پارلەمانيەوە دەكرێت. لەبەرئەوە خەبات بۆ ئازادكردنی چينی كرێكار داوايەك بۆ "چالاكيی جەماوەريی شۆڕشگێڕانە" فەرز دەكات؛ هەوڵ بۆ دامەزراندنی شورای كرێكاريی و سەربازيی بە خۆشييەوە بەخێر دەهێنرێت. بەرانبەر ئەم ددان پيادانانە بۆ كاروچالاكيی ناپارلەمانی و ئەو ڕەتكردنەوەيەی پرينسيپی زۆربايەتی ديموكراتيی هەروەها جەخت لەسەر ئەو بانگەوازە دەكرێت كە ئاربايدەر پارتی نۆروێژيی بە پلەی يەك جێی خۆيەتی وەك پارتێكی سياسيی لە پێناوی بەيەككردنی چينی كرێكار كار بكات بەو مەبەستەی كە "دەستەڵاتی سياسيی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بگرێتە دەست". ئا لێرەدا ئێمە لادانێكی تەواو ڕوون لەو خەتە كلاسيكەی سەنديكاليزم دەبينين كە هەموو شتێك هەر ئەوەندەی ناوی ستراتيژيی پارلەمانيی پێوە بێت تووڕ دەدات. ئاربايدەر پارتی نۆروێژيی جۆرە خەسڵەتێكی ديموكراتيی پارلەمانيی هەر لەلای خۆی هێشتەوە كە مەنتقيانە لەگەڵ ئەو داوايەدا كە بۆ كاروچالاكی شۆڕشگێڕانەی جەماوەريی نەدەهاتەوە، كە هەروەها دژ بە زۆربايەتی پارلەمانيی بوو.

[لەگەڵ ئەوەشدا] زوو دەركەوت كە ستراتيژييە پارلەمانييەكە هەر بە تەواويی باڵزاڵ بوو؛ لە پراكتيكدا داوا بۆ كاروچالاكيی شۆڕشگێڕانەی جەماوەريی هيچی لێ نەكەوتەوە. بەڵام نابێت – وەك ئەوەی كە هەندێك جار لە ئەدەبی سەبارەت بە بزووتنەوەی كرێكاری نۆروێژدا دەبينرێت – ئەو سەرئەنجامگيريە بكەين كە هەڵويستە "شۆڕشگێڕيەكە" ساڵی ١٩١٨ هەر ڕيتۆريكی بە تاڵ بووە و هيچ پێوەنديەكی بە كاروچالاكيی سياسيی پراكتيكيەوە نييە. نيشانەيەك بۆ ئەوەی كە ئەو كاتە ئەوە خەتە شۆڕشگێڕيە مەبەست بووە كە پێڕەوی خەتی ستراتيژيی ناپارلەمانيی بكردرێت هەبوونی ئەو بزووتنەوە شوارييەی كرێكارانە كە ساڵی ١٩١٧ – ١٩١٨ هەبوو. هاوكات كە ئەو بزووتنەوەيە كە دژپارلەمانی و دژ ديموكراتيی ڕاستەوخۆ بوو لە دانمارك و سوێد بێ بايەخ بوو، لە نۆروێژ ٦٠ هەزار كرێكار و ٢٠٠ شورای گرتە خۆی. ئەمە يارمەتی ترامل و لايەنگرانی لە خەباتەكەدا دا كە دەست بەسەر ئاربايدەر پارتدا بگرن، بەڵام ئەمە هەروەها بووە مايەی خێرا داسەپاندنی هەشت كاژێر كار لە ڕۆژێكدا لە بەهاری ساڵی ١٩١٨ دا و بۆ ڕێككەوتن لەگەڵ دامودەستگاكاندا سەبارەت بە فەراهەمكردنێكی باشتری شتومەكی بژێوی. هەر زۆر سرووشتيانەش بزووتنەوەی شورا وردە وردە نەما، پاش ئەوەی ئاراستە ڕاديكالەلە لە پارتيدا لە بەهاری ١٩١٨ دا دەستەڵاتی گرتە دەست و ئامانجە پراكتيكە هەرە يەكەمينەكەی

پارتی پێکرا. بەڵام ئەمە هەروەها لە ناو هەموو سەردەمی کاتی جەنگدا مۆرکی خۆی بە پرۆگرامی پرینسیپیی ئاربایدەر پارتی نۆروێژییەوە نا؛ مانا ئایدیۆلۆژیەکەی ئەم کارە هەر زۆر زیاتر بوو وەك لە مانا پراکتیکەکەی. لە بەشی داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەمە دەڕۆین.

پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێد
Sveriges Socialdemokratiska Arbetarparti
[بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە سوێد]
ئەم باسە بەردەوام دەبێت.